


# رەبتي تيا نيه

ئەفسەری فەرماندەیی: مەعقولە کابرا یەك جامولکە تاج‌و نەجمەی لەسەر شان بێت کەچی نەزانێ ئیمزا بکات؟
دائیرەی کەشناسی: ئێمەش نایزانین کاکە. کەی دنیا ئاخر ئەبێت ئەوە لە عیلمی غەیبایە

★ ★ ★

تەلەبەی خەلەکان: ئەعدادییەکەی ئێمە تەوالێتی تیا نیە. قەرارمان داوە هەمووومان دایبی هەڵگرین
کابرای سەیتەرە: هەڵیگرن ئافەرم.. ئینسان دایم هەوێی پێبێت باشە.. ئەمە دنیایە

★ ★ ★

یاریزان: باشە ئەو کوڕەی کاك هین کوا ریازەچییە کە ئێوە عەرزەتان داوەتێ؟! بەقوڕعان ئەمە زوڵمە.
مەسئول: طە بعەن زوڵمە. ئافەرم.. مەعقولە موسڵ هەشت کورسی بۆ زیاد بکرێ ئێمە دوان؟!

★ ★ ★

ئیسلامی: مەعلوماتی دەقیقم لایە عێراقی ئەمساڵ 22 ملیۆن دۆلاری بەس داوە بە (بیرە) کەچی ناشیگرێ
پەڕلەمانتار: نایگرێ برا خۆ بەزۆر نییە. ئەوەنە ضە غطی سیاسییمان لەسەرە رۆژوو بەکەس ناگیرێ

★ ★ ★

مناڵ: دوو مامۆستامان چوون بۆ حەج ئیتر مودیرەکەمان وتی بڕۆنەوە تا دوای جەژن ئیسراحەت کەن
باوك: ئیسراحەت بەتەنیا هیچ نیە. ئەبێ زوو زوو دەستیشت بشۆی. ئەم ئەنفلۆنزای بەرازە زۆر خەتەرە رۆڵە

# خوادەست بەباڵییەوە بگرێ

-تەصەور کە سەرمایەداری ئەوەندە بە رەحم بووە ئەزانی ئێستا چی ئەکات؟

+بیمەی تەندروستی داناوە.

-ئەوە مەشروعەکەی ئۆبامایە. من مەخسەدم سەرمایەدارییەکەی یابانە.. ماڵت بەقوڕ نەگیرێ خاوەن کۆمپانیاکانی ئەوێ وایان لێ هاتووە خۆیان ئەچن داخوازی ژن بۆ کرێکارەکانیان ئەکەن

+عەجیب.. یەعنی ئەوەنگە کرێکاریان خۆش ئەوێ؟

-مەسەلەکە خۆشەویستی نیە

+ئەی خاتری چاوی رەشیانە؟

-نە دڵە گیان.. مەسەلەکە ئیقتیصادە .

ئیقتیصادە. ئەزانن کرێکار هەتا موڕتاح بێ باشتر ئیش ئەکات..

+دە کەواتە با بژی

-سیستمی سەرمایەداری؟

+نەخێر.. خەونی سۆسیالیستی

